
# سەرنجێک لەسەر پێشکەوتووترین لاپتۆپی گەیمینگ




لاپتۆپـەکان بەتـەواوی شـوێنی کۆمپیوتـەری دیسـکتۆپ و کۆنسـۆلەکانی گەیمیـان گرتۆتـەوە. هەڵگرتـن و راگواسـتنی لاپتۆپـەکان ئاسـانترە، کێشـەی وزەیـان نییـە هەربۆیـە دەتوانـن شـوێنی کۆمپیوتـەری سـەرمێز و بەهێزتریـن کۆنسـۆلەکانی یـاری بگرنـەوە..

یەکێـك لـە بەهێزترین لاپتۆپەکانی گەیمینگ لاپتۆپی جۆری Acer Predator Triton 900، لاپتۆپێـك کـە پرۆسیسـەری جـۆری Core i7 لەسـەرە و بەهێزتریـن کاتری شاشـەی هەیە. شـوێنی داکردنی داتاکان واتە هاردی لاپتۆپەکە لە جۆری SSD و یەك ترابایتە.

سـتایلی لاپتۆپەکە لە لاپتۆپی دیکە جیاوازە، شاشـەکە دەجوڵێت و بە هەموو لایەکـدا دەسـوورێت، هەروەهـا دەکەوێتـە سـەر کیبۆردەکـە. باترییەکـی زۆر بەهێزی هەیە، ئەوە ئاساییە کۆمپیوتەرێکی بەهێز دەبێ باترییەکەی بەهێز بێت. شاشـەکەی لە جۆری 4Kیە. شـوێنی دانانی دوو رامی هەیە کە هەرکامیان ١٦ گیگابایتن.






# بەبێ هێڵ و بەبێ تۆڕ پەیوەندی بکە!

بـۆ ئـەوەی دوو کـەس پەیوەندی بـە مۆبایل پەیوەندی پێکـەوە بکەن، یان دەبـێ لـە تۆڕی مۆبایلی، یـان لەهێڵی ئینتەرنێت سـوود وەربگرن. کۆمپانیای «ئۆپـۆ» سیسـتەمێکی نوێـی پەیوەندی گرتنی داناوە کـە بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی سوود لە تۆڕ و هێڵ وەربگرێ دەتوانی پەیوەندی بکات. سیستەمە نوێیەکە بە MeshTalk ناسراوە، بەڵام پەیوەندی گرتن بەبێ هێڵ و تۆڕ رەنگە مەودایەکەی زۆر بڕ نەکات، سیستەمە نوێیەکەش هەروایە و مەودای پەیوەندی گرتنی تا سێ کیلۆمەترە..

لـەم سـەردەمەدا کە زۆربـەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل خەریکن سیسـتەمی 5G تاقی دەکەنەوە، ئۆپۆ هەوڵیداوە سیستەمی بێ تۆڕ و دروست بکات کە تەنانەت لە وای-فای و بلوتوسیش سوود وەرنەگرێ.

هەوڵـی «ئۆپـۆ» سـەرەتاییە چونکـە مـەودای سـێ کیلۆمەترەکـەش دەبێـت هیـچ بەربەسـتێك نەبێـت، بۆیـە لـە شـارە مەزنەکانـدا زۆر سـەرکەوتوو نابێـت، بـەڵام لـە گونـددا بـۆ مـەودای کێڵگـە و ماڵـەوە زۆر بـە سـوودە.

# فووتەی زیرەک بۆ پێوانی هەموو شتێک




فووتـە یـا (میتـر) لـە سـەردەمی دیجیتالیـدا گۆڕانـکاری زۆری بەسـەرداهات، ئێسـتا تەنانـەت مۆبایلەکەشت دەکرێت کاری فوتـەی پێ ئەنجام بدەی و بە وردی ئەنجامەکەت بۆ دیـاری بـکات.

فووتـە سـمارتەکان ئـەوەی پەیوەنـدی بـە پێـوان بێـت ئەنجامـی دەدەن، هەتـا مەوداکـەی لـە کیلۆمەتریـش تێپەڕێـت.

یەکێـك لـە فووتـە زیرەکـەکان میتتری جۆری "bagel"ە. ئـەم فووتەیە لەگـەڵ مۆبایل بە هەردوو سیسـتەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێسـەوە پەیوەند دەدرێت. ئەنجامەکەی لەسـەر شاشـەی مۆبایل دەردەکەوێت یان لەسەر ئەو شاشە بچووکە کە لەسەر فووتەکە هەیە.

فووتـەی «باگێـل» بـە دەنگـی بەکارهێنەرەکەشـی کار دەکات و فەرمـان لـەو وەردەگرێت، تەنانـەت ئاکامەکانیـش بـە دەنـگ دەڵێتـەوە. لـەم فووتەیـەدا تەنیـا پەتێـك هەیـە کـە بـۆ ئاسانکاری دەتوانێت بە دەوری هەمـوو شتێکدا بسووڕێتەوە، یانـی بـۆ پێوانـەی کۆڵەکەیـەك یـان شـتێکی لاکێشـەیەی بەگشـتی بـۆ هەمـوو شـوێنێك.

جگـە لـەو پەتـە بەهـۆی تیشـکی لەیزەرەیشـەوە ئەنـدازە دەگرێت، هەروەهـا لـە هەسـتەوەری سـەرووی دەنگیشـەوە سـوود وەردەگرێت، بـۆ نموونـە بتهـەوێ مـەودای خـۆت و تەنێکـی دوور بپێوێت. میمـۆری نـاو فووتەکـە دەتوانێت سـەد لێکدانـەوە و چەندیـن پەیامـی دەنگـی لەخۆیـدا تۆمـار بـکات.

# سپیکەری سمارتی ئیکۆشۆ ٥ی ئامازۆن

ئامـازۆن کـە یەکێکـە لـە بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی کڕین و فرۆشـتن لـە ئینتەرنێتدا، لە بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیاشـدا جێ پەنجەی دیارە. ئامازۆن بە سـپیکەرە سمارتەکانی ناسراوە، یەکێك لە سپیکەرە سمارتەکان Echo showیە کە بەم دواییە ڤێرژنی ٥ی ئەم بڵندگۆیە کەوتە بازاڕ.

ئـەم بڵندگـۆ هۆشـمەندە لەگـەڵ سیسـتەمی دەنگـی ئەلکسـای ئامـازۆن پەیوەنـد دەدرێ و فەرمانـەکان لەوێـوە جێبەجێ دەبـن. سـپیکەرە سـمارتەکە شاشـەیەکی ٥,٥ ئینجی هەیـە و کـە بـۆ نیشـاندانی فیلـم و ڤیدیۆکانـی خـودی کۆمانیـا سـوودی لێدەبینـدرێ.

بەهـۆی ئـەم سـپیکەرەوە دەتوانرێت وەڵامـی پەیوەندییـە ڤیدیۆییـەکان بدەیـەوە، چونکـە خـۆی کامێرایەکـی تایبەتـی بـۆ پەیوەنـدی گرتـن تێدایـە. ئـەم سـپیکەرە دوو ڕەنگـی سـپی و ڕەشـی هەیـە و بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئامێـرە سـمارتەکانی ماڵـەوە سـوودی لێدەبینـدرێ.






# شەحنکەرەوەیەکی بێ وایەر بۆ سێ ئامێر

ئامێرە دیجیتالییەکان هەتا دێ زیاتر دەبن، لەگەڵ زیادبوونیشیان کێشەی بارگاوی و شەحنکردنەوەیان زیاتر دەبێت. ئێستا بەتەنیا مۆبایل نییە کە دەبێ رۆژانە شەحن بکرێتەوە، بەڵکو کامێرای دیجیتالی، کاتژمێری زیرەك، تەبلێت و لاپتۆپ و هێدفۆن و... تاد. بۆ هەر کام لەو ئامێرانە دەبێ شەحنکەرەوەی تایبەتی خۆی لەگەڵدابێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە ئامێری شەحنکرنەوەی جۆکەر دروست بکرێ کە بۆ زۆربەی ئەو ئامێرانە بگونجێ. یەکێك لەو ئامێرانە شەحنکەرەوانەی، ئامێری iPM3 یە کە لە یەك کاتدا سێ ئامێری لێك جیا شەحن دەکاتەوە. ئەم ئامێرە پادێکی بێ وایەرە و ئەو ئامێرانەی کە سوود لە تەکنەلۆژی بارگاوی کردنی بێ وایەر وەردەگرن دەتوانن سوود لە ئامێرەکە ببینن. خاڵی جێگای سەرنجی ئامێرەکە لەوەدایە کە تەنیا تایبەت نییە بە بەرمەکانی کۆمپانیای ئەپل بەڵکو هی زۆربەی کۆمپانیاکان دەگرێتەوە.

ئامێرەکە لە تەنکۆڵەیەکی کۆنترۆڵی ١٠ واتی کەڵك وەردەگرێ بۆیە بە خێرایی ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت چۆن دەکرێت چەند فایلێکی PDF بخەمە لای یەك و کتێبێکیان لێ دروست بکەم؟**

خوێنەری بەرێز بۆ ئەم مەبەستە سوود لە پرۆگرامی Adobe Acro-bat DC وەربگرە، بچوو سەر بەشی tools و پاشان Create و دواتر Edit بکەوە.

لە بەشی combine files کلیك لەسەر Open بکە. لەو بەشەدا شوێنی دانانی چەند فایلی PDF دروست دەبێ و دەکرێت بە ویستی خۆت لاپەڕەکان پاش و پێش بکەی.

دوای ئەوە سێ دوگمەی Shift+Ctrl+I پێکەوە دابگرە. دوای ئەوە فایلی کتێبەکە دروست دەبێ و دەتوانی Saveی بکەی.

# دروستکردنی چەند رووмێز لە ویندۆز١٠دا



زۆر لەبەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر حەز دەکەن چەند روومێز (دیسکتۆپ) لەسەر کۆمپیوتەرەکەیان هەبێ، بۆ نموونە یەکێك لە دیسکتۆپەکان بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی ئەو یاری و پرۆگرامانەی تایبەتن بەمنداڵان لەو دیسکتۆپەدا هەبێ و یەکێك بۆ کاروباری رۆژانەیان و بۆ ئەوەی کەسانێك نەتوانن فایل و پرۆگرامەکانیان بسڕنەوە.

لە ویندۆز١٠دا ئەم تایبەتمەندییە هەیە و بۆ ئەوەی ئەم کردارە چالاك بکەی ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر. کردارەکە پێی دەگوترێ multi desk-top کە لە دوا ئەپدیتی ویندۆزدا زیاد بووە. بۆ ئەم مەبەستە پێکەوە دوو دوگمەی windows و tab دابگرە. ئەوکات پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لە گۆشەی سەرەوەی لای راست دیسکتۆپی نوێ دروست بووە. هەروەها دەتوانیت بە داگرتنی دوگمەکانی Ctrl+windows+D راستەوخۆ دیسکتۆپ دروست بکەی.

# لاپتۆپێکی بچووک و رایەڵەکی بەرین




کۆمپانیای VAIO یەکێك لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، لەم ماوەیەدا لاپتۆپێکی بچووکی بەرهەمهێناوە کە بە جۆری SX12 ناسراوە. لاپتۆپەکە بچووکە قەوارەکەی تەنیا ١٢,٥ە و بۆ گەشت و گەڕان گونجاوە.

خاڵی جێگای سەرنجی لاپتۆپی ناوبراو لە بوونی دەیان پۆرت (کەلێن)ی وایەرە. بەکارهێنەر ئەوەی مەبەستی بێت دەتوانی لە لاپتۆپەکەی پەیوەند بکات، شوێنی هەموو وایەرێکی هەیە.

هەروەك ئاماژە کراوە قەوارەی لاپتۆپەکە بچووکە، بچووکتر لە وەرەقەیەکی A4. سێ پۆرتی USB-A و یەك پۆرتی USB-C بۆ شەحن کردنەوەی مۆبایلەکان، پۆرتێکی HDMI بۆ تیڤی، سلایدی SD. پۆرتێکی هیدفۆن و مایك و تەنانەت VGAشی هەیە.

پرۆسیسەری چوار ناوەکی نەوەی هەشتەمی Core i5 یا i7ی لەسەرە. کێشی لاپتۆپەکە ناگاتە ٩٠٠ گرام.



## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی ژێرنووسی فیلم و دراما

جار هەیە سەیری فیلمێکی زۆر خۆشی ئینگلیزی، یان درامایەکی تورکی یا هەر زمانێکی دیکە دەکەی، بەڵام بەهۆی لە زمانەکە شارەزا نی هیچ چێژی لێنوەرناگری.. لە ئینتەرنێتدا سەدان ماڵپەڕ هەن کە ئەرکیان ئەوەیە ژێرنووسی ئەو فیلم و درامایانەی کە مەبەستتن بەو زمانەی کە تێیدەگەی بڵاو بکەنەوە و تاکو بینەرانی فیلم و دراماکان دایبەزێنن.. بەداخەوە هەتا هێشتا هیچ کەس و لایەنێك ئەرکی ژێرنووسکردنی دراما و فیلمە بیانییەکانیان بە زمانی کوردی ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەگەر تۆ شارەزای بەیەکێکی لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی یا هەر زمانێکی دیکە، دەتوانی لە سایتی Subscene بەبێ گرفت ژێرنووسی فیلم و دراما خاریجیەکان بەو زمانانەی ئاماژەم پێدان دابەزێنی. ئەم ماڵپەڕە هەمیشەش خۆی نوێ دەکاتەوە و شتی نوێ دادەنێ، تەنانەت بۆ فیلمی زۆر نەناسراویش ژێرنووسی هەیە.

# مۆبایلێکی زۆر ناوازە لە سۆنییەوە

لەگەڵ ئەوەیدا لە بواری پرۆگرام و سیستەم و نەرمەئامێرەوە گۆڕانکاری بەسەر مۆبایلەکاندا هاتووەو مۆبایلی زۆر زیرەك بەرهەم هاتوون، بەڵام بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ بەمە نەوەستاون و لە بواری سەختەئامرازیشەوە گۆڕانکاری لە مۆبایلدا پێکهاتووە و ستایل و شێواز و دیزاینی مۆبایلەکان گۆڕانکاریان بەسەردادێت.

ئێستا ماوەیەکە کۆمپانیا گەورەکانی بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل هەوڵ دەدەن، مۆبایلی چەماوە و نوشتاوە بەرهەم بێنن. وەك هەوڵەکانی سامسۆنگ و هواوی.. کۆمپانیای سۆنی دەیەوێ هەنگاوێك پێش ئەم کۆمپانیایە بکەوێ و مۆبایلی رۆڵە بەرهەم بێنێ. مۆبایلێك کە شاشەکەی بە ویستتی بەکارهێنەر بێت و چەندی بخوازێ ئەوەندە گەورە بێت و گەورەو بچووکردنەوەی بە ویستی خۆت بێت.

هەرچەندە جارێ هەر قسەی لەسەر کراوە و نەچۆتە بواری کردارییەوە و سۆنی هەوڵدەدات لە ساڵی ٢٠٢٠دا بە فەرمی ئەم بەرهەمە بناسێنێ.

بەپێی پێشبینیەکان، رەنگە مۆبایلی ئاماژە بۆکراو کامێرایەکی زۆمی ١٠ بەرامبەری هەبێ. مۆدێمەکەی لە جۆری 5G بێ و هێزی و خێرایی ٨٥٥ بێت.

